هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون
بەڕێوەبەرایەتی خوێندن و بڕوانامەکان

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
دائرة الدراسات و التخطيط و المتابعة
مديرية الدراسات و الشهادات

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارە: ٨٧٢٨ No:

ڕێکەوت: ٢٧ / ٩ / ٢٠٢٠ی زایینی Date:
٧ / ٧ / ٢٧٢٠ی کوردی

**بۆ/** سەرجەم زانکۆ حکومییەکان و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان

سەرجەم زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان

**بابەت/** ڕێکارەکانی دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١

پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٤) لە ٢٠٢٠/٩/٢ لە بەر ڕۆشنایی کۆبونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٨) لە ٢٠٢٠/٩/٢ تایبەت بە پەسەندکردنی پرۆژەپلانی پێشنیارکراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کە لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (٩) لە ڕۆژانی ٨/٢٥ و ٢٠٢٠/٨/٢٩ پەسەندکرا، سەبارەت بە دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) لە زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بڕیار درا بە:

**یەکەم: ساڵنامەی ئەکادیمی:**

زانکۆکان بەپێی تایبەتمەندی خۆیان ساڵنامەی ئەکادیمی خۆی دائەڕێژن بە ڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە:

١. ساڵی ئەکادیمی خوێندن لە (٢٠٢٠/٩/١)ەوە دەست پێ دەکات و لە ٢٠٢١/٦/٣٠ کۆتایی پێ دێت.
٢. پرۆسەی خوێندن لە ٢٠٢٠/١٠/٤ دەست پێ دەکات.
٣. ماوەی خوێندن بۆ هەموو ساڵەکە نابێت لە (٣٠) هەفتە کەمتر بێت و بۆ هەر سێمیستەرێکیش نابێت لە (١٥) هەفتە کەمتر بێت.
٤. دەستپێکردنی پرۆسەی خوێندنی باڵا (دبلۆمی باڵا، ماستەر و دکتۆرا) لە ٢٠٢٠/١٠/١١ بەپێی هەمان بڕگە و ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە.
٥. ئەو زانکۆیانەی کە بەشێک لە وانە و کریدیتەکانی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)یان دواخستوە، پێویستە لە ساڵنامەی زانکۆیی خۆیان ڕەچاوی قەرەبوکردنەوەی ئەم وانانە بکەن.
٦. وەزارەت ڕۆژانی پشوو و بۆنە ڕەسمییەکان بە ڕێنماییەك دیاریدەکات و گشتاندنی پێ دەکات بۆ زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا.

**دووەم: سیستەمی خوێندن:**

١. خوێندن لە زانکۆ و سەرجەم دامەزراوە زانستییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە شێوەی خوێندنی ئاوێتە (Blended Learning) دەبێت، ئەمەش وەک پێویستییەکی سەردەم و هاوشێوەی زۆربەی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان کە لە ئێستادا پەیرەوی خوێندنی ئاوێتە دەکەن.
٢. مەبەست لە خوێندنی ئاوێتە (Blended Learning) ئەوەیە کە پێویستە سەرەڕای خوێندنی نێوکامپەس خوێندنی ئۆنلاین و ئەلیکترۆنی بەردەوام بێت لە گشت قۆناغەکانی خوێندن، واتە خوێندنی نێوکامپەس لەپێشترە و ئەولەویەتی پێ ئەدرێت و تیایدا پێویستە قوتابی و خوێندکار لەنێو کامپەس ئامادەبێت، بەڵام ڕێژەیەک لە پێداویستیەکانی پرۆسەی خوێندن بەشێوازی ئۆنلاین و ئەلیکترۆنی وەردەگرن لە ڕێگەی پلاتفۆرمە ستانداردەکانی خوێندن.
٣. بەشی ئەکادیمی بەرپرسە لە شێواز و ڕێژەی ئاوێتەکردنی هەردوو جۆری خوێندن بە پێی تایبەتمەندی و سروشتی وانەکان و هەروەها بارودۆخی تەندروستی و ڕێنماییە تەندروستییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٤. ئەم شێوازی خوێندنە کە لەئێستادا ئارەزوو و ئاراستەیەکی نوێی زۆربەی زانکۆکانی جیهانە و پەیرەوی دەکەن، بۆیە لە قۆناغی دوای کۆنترۆڵ کردنی پەتای کۆرۆناش بەردەوام دەبێت و لەگەڵ پێویستییەکانی خوێندنی سەردەمدا دەگونجێندرێت.
٥. لە هەموو حالەتێك ئەم کارو چالاکیانە و خوێندنانەی خوارەوە لە ناو کەمپەس دەبێت بە مەرجێك بە شێوەی گروپی بچوك بچوك ئەنجامبدرێت لەگەڵ پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان:
    أ. خوێندنی وانە تیۆرییە سەرەکییەکان و بنچینەییەکان لە هەر بەشێکی ئەکادیمی.

ژمارە: ٨٧٢٨ No:

ڕێکەوت: ٢٧ / ٩ / ٢٠٢٠ی زایینی Date:
٧ / ٧ / ٢٧٢٠ی کوردی

ب. خوێندنی وانە پراکتیکی و کردارەکییەکان و ئەو وانانەی پێویستییان بە مەشق و ڕاهێنانە لە نەخۆشخانە و دامودەزگا جیاجیاکان.
ج. تاقیکردنەوەکانی میدتێرم و کۆتایی ساڵ و بەشێک لە میکانیزمەکانی تری هەڵسەنگاندنی قوتابی و خوێندکاران.
د. تاوتوێکردنی توێژینەوەی دەرچوونی قۆناغی کۆتایی.
هـ. تاوتوێکردنی ماستەرنامە و تێزی دکتۆراکان.
و. زانکۆکان بەپێی بارودۆخی تەندروستی سیمینار و وۆرکشۆپ و کاروچالاکی تری ئەکادیمی دەکرێت لەنێوکامپەس یاخود بە ئۆنلاین ئەنجام بدەن.

٦. وانە تیۆرییە لاوەکییەکان لە هەر بەشێکی ئەکادیمی و ئەنجامدانی کویز و ڕاپۆرت و پێدانی ئەرک (Assignment) و هەر چالاکییەکی تر کە بەشی ئەکادیمی بەباشی دەزانێت دەکرێت بەشێوەی ئۆنلاین و ئەلیکترۆنی جێبەجێ بکرێت.
٧. ڕێکخستنەوەی پۆل و گروپی خوێندن کە تیایدا پێویستە ژمارەی قوتابی و خوێنکاران بۆ هەر پۆلێکی خوێندن بە پێی ستانداردی جیهانی بێت بۆ هەردوو جۆری خوێندنی نێوکامپەس و ئۆنلاین، ئەمەش بە دروستکردنی گروپی بچوک بچوک کە بتوانرێت ڕێنماییە تەندروستییەکان جێبەجێ بکرێت، لە هەموو بارێکیشدا لە خوێندنی نێوکامپەس پێویستە ڕەچاوی قەبارەی تاقیگە و هۆڵی خوێندن بکرێت.
٨. ئەگەر بارودۆخی تەندروستی بە شێوەیەك بێت کە خوێندنی نێو کامپەس مەترسی لەسەر ژیانی قوتابی/خوێندکار و مامۆستایان و فەرمانبەران دروست بکات، ئەوا زانکۆکان بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزارەت دەتوانن خوێندنی ناو کامپەس لە زانکۆ یان کۆلیج یان بەش هەڵپەسێرن بۆ ماوەیەك کە لە مانگێك تێپەر نەکات. دەکرێت ئەو ماوەیە درێژبکرێتەوە تا ئەو کاتەی کە بارودۆخی تەندروستی لەو شوێنە ئاسایی دەبێتەوە.
٩. لەو ماوەیەی کە لە برگەی سەرەوە هاتووە خوێندن بەتەواوی لە دەرەوەی کەمپەس دەبێت وبە شێوازی ئۆنلاین وخوێندنی ئەلکترۆنی ئەنجامدەدرێت.
١٠. لە هەر حالەتێکی تری نەخوازراو ئەگەر نەکرا هەموو قۆناغەکانی خوێندن بگەرێنەوە نێوکامپەس، ئەوا دەکرێت کە لانیکەم خوێندنی قۆناغی یەکەمی بەکالۆریۆس و دبلۆمی تەکنیکی بەتەواوی لەناو کەمپەس بێت بە مەرجێك بکرێنە گروپی بچوك بچوك و گشت ڕێنماییەکانی تەندروستی جیبەجێبکرێت.

## سێیەم: مەشق و ڕاهێنانی مامۆستاو قوتابی وخوێندکاران:

١. پێویستە زانکۆکان لەسەرەتای دەسپێکی ساڵی ئەکادیمی پلان دابرێژن بۆ ڕاهێنانی مامۆستاو قوتابیان لەسەر خوێندنی ئۆنلاین و شارەزابوون و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو پلاتفۆرمانەی کە زانکۆ هەڵیدەبژێرێت بۆ پرۆسەی خوێندن.
٢. بۆ باش جێبەجێکردنی خالی سەرەوە پێویستە زانکۆکان سوود لە شارەزایی ئەو مامۆستایانە وەرگرێت کە بەشداریان کردووە لە خولەکانی ڕاهێنان کە ڕێکخراوی ئایرێکس (IREX) ئەم سال ئەنجامی دابوو بۆ مامۆستایانی خوێندنی باڵا لە عێراق و هەرێمدا.

## چوارەم: دابینکردنی ژێرخانی تەکنەلۆژی:

١. زانکۆکان پێویستە پلاتفۆرمە ستاندارده جیهانییەکان بەکاربهێنن بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین، بەتایبەت ئەو پلاتفۆرمانەی کە ڕێکخراوی یونسکۆ ڕاسپاردەیان دەکات.
٢. هەموو زانکۆیەک پێویستە سێرڤەری تایبەت بەخۆی دابین بکات بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین.
٣. وانەی ئۆنلاین و تۆمارکردنی وانە ڤیدیۆییەکان پێویستە لە کاتی دەوامی ئاسایی مامۆستایان بێت. وە زانکۆ پێویستە هەڵسێت بە تەرخانکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و دابینکردنی هۆڵی خوێندنی زیرەك و پێشکەوتوو لە هەر بەشێکی زانستی بۆ وانەکانی ئونلاین و تۆمارکردنی وانە ڤیدیۆییەکان.
٤. پێویستە زانکۆکان بەرنامەیان هەبێت بۆ دروستکردن پەرتوکخانەی ئەلکترۆنی و پەرەپێدانیان بۆ ئەوەی مامۆستاو قوتابی و خوێندکاران سوودی لێوەرگرن.

ژمارە: ٨٧٢٨ — No:

ڕێكەوت: ٢٧ / ٩ / ٢٠٢٠ی زایینی — Date:
٧ / ٧ / ٢٧٢٠ی كوردی

**پێنجەم: پێداچوونەوە بە ڕینماییەكان:**

١. دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری لە وەزارەت هەڵدەستێت بە پێداچوونەوە بە ڕێنمایی و پێوەرەكانی دلنیایی جۆری بۆ زانستخوازی بەردەوام، فیدباكی قوتابیان و هەگبەی مامۆستا.
٢. جێبەجێكردنی سیستەمی میوانداری لەنێوان زانكۆكانی هەرێم و پەیمانگەكانی زانكۆ پۆلیتەكنیكییەكان تەنها بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١، ئەمەش لەپێناو دەوامكردنی قوتابیان و خوێندكاران لە زانكۆی نزیک لە شوێنی نیشتەجێبونیان و كەمكردنەوەی قەرەباڵخی نێو بەشەناوخۆییەكان.
٣. فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون هەڵدەستێت بە پێداچوونەوە بە گشت ڕێنماییەكانی ئامادەنەبوون و دواخستنی خوێندن و ڕێنماییەكانی تاقیكردنەوەكان و گونجاندنیان لەگەڵ سیستەمی نوێی خوێندن.
٤. فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون هەڵدەستێت بە هەمواركردنی ڕێنماییەكانی گواستنەوەی قوتابی و خوێندكاران بە مەبەستی ئاسان كردنی ڕێكارەكان و مەرجەكانی گواستنەوەی قوتابی و خوێندكاران بە پێی شوێنی نیشتەجێبوونیان.
٥. لە ڕێنماییەكانی وەرگرتنی قوتابی و خوێندكاران پێویستە ڕەچاوی ئەوە بكرێت كە هەتا بكرێت قوتابی و خوێندكار بەپێی نزیكترین ناوچەی جوگرافی دابەشبكرێن بەسەر زانكۆ و پەیمانگەكانی سنووری جوگرافی خۆیان.

**شەشەم: ڕێكارەكانی تەندروستی:**

پێویستە لەسەر زانكۆكان سەرجەم ڕێكارە تەندروستییەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان جێبەجێ بكەن، بەتایبەت ئەم ڕێكارانەی خوارەوە:

١. پێویستە مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێندكاران بەتەواوی پابەندی بەستنی دەمامک بن لە كاتی دەوام و خوێندنی وانەكان.
٢. پێویستە زانكۆكان بەردەوام هەڵسن بە پاكژكردنەوەی هۆڵەكانی خوێندن و سەرجەم پێداویستییەكانی پاكژكردنەوە لە بەشەكان و هۆڵەكانی خوێندن دابین بكەن.
٣. سەرجەم زانكۆكان بە هاوكاری وەزارەتی تەندروستی تیمی تەندروستی پێكبهێنن بەمەبەستی چاودێریكردنی بەردەوامی ڕەوشی تەندروستی مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان.

**حەوتەم:** پێویستە زانكۆكان بەپێی تایبەتمەندی خۆیان ڕێكار و وردەكاری پێویست دابڕێژن بۆ ئاسان جێبەجێكردنی ئەو ڕێكارە.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریكاری وەزارەت/ بۆ زانین، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ بۆ كاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرجەم فەرمانگەكانی وەزارەت/ بۆ كاری پێویست بەپێی پەیوەندی، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندن و بەدواداچوون/ لەگەڵ بەراییەكان، بۆكاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن/ بۆ كاری پێویست سەبارەت بە بڕگەی سیستەمی میوانداری قوتابیان و خوێندكارا، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت/ بۆكاری پێویست سەبارەت بە زانكۆ و پەیمانگە تایبەتەكان، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی یاسایی/ بۆ زانین و كاری پێویست، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەركردە.